# دیداری کەناڵی ئاسمانی "رۆژ" لەگەڵ هەلالە رافع، لەسەر باس و مەسەلەکانی ژنان

رۆژی شەممە ریکەوتی 2005/11/5 کەناڵی ئاسمانی رۆژ بۆماوەی یەك سەعات و نیو لەبەرنامەیەکی تایبەتیدا دیداریکی لەگەڵ هاوری هەلالە رافع ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازدا. دیدارەکە تایبەت بوو بەبارودۆخی ژنانی کوردستان، لەناوخۆوو لەدەرەوەی ولات. لەم دیدیارەدا هاوری هەلالە لەبارەی ئەو چالاکی و کەمپینانەوە قسەوباسی بۆ بینەرانکرد، کە لەراستای داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنانی کوردستان، بەگشتی و ژنانی پەنابەر لەولاتانی ئەوروپا لەماوەی چەند سالی رابردوودا بەریی خستووە. لەمنیوەشدا باسی ریکخراوی ئازادی ژنان ومەسەلەی دەستوور و ئەو ئەنجامە نالەبارەی کرد کە بۆسەر ژیانی داهاتووی ژنانی عیراق و کوردستان  لەنیو سیناریۆی جەنگ و کاولکرای ئەمریکاو دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامیدا دەیهینتەپیشەوە.

شایانی باسە ئەم دیدارە بەزاری هەورامی بەریوەچوو، هاوکاتیش ژمارەیەکی زۆر لە بینەران لە شارەکانی کوردستانی عیراق و ئیران بەقسەوباس و پیشوازیکردن لەبۆچوونەکانی هاوری هەلالە بەشداریانکرد..

سایتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق- بەشی هەوال و راگەیاندن
2005/11/6